# هەڵبژاردنێك بەبیٚ هاودەرفەتی  هێزە سیاسیەکان بکرێت ئەبێت چۆن بێت ؟

محمد حسین
Mihamad_79@yahoo.com

هەرهەڵبژاردنێك کرا لەزەمینەیەکی نادیموکراتـدا ئەنجامەکـەی لـەوەزیاترنابێت ڕوپۆشـێکی سـاختەی دیموکراسـیەت بخاتە ڕوی ئـەو کەشـە نادیموکراسیە. گەمـژەترین هەڵـە ئەوەیـە چـاوەڕێی ئـەوەبێت بەهەڵبـژاردن دیموکراسـیەت دروســت بکـــات ,لەهـــەمو شـــتێکی کـــەم بێـــت بۆدیموکراســـیەت و داوای هەڵبـــژاردنی ئـــازادیش بکـــات . لەهەرولاٚتێکدازەمینەیەکی لەباری یاسایی ودامەزراوەیی وکۆمەلاٚیەتی دیموکراسیەت ئامادە نەبو گەمەی هەڵبژاردن لـەو جۆرە ئەنجامانەی ئەبێت لایەنێك 99٪دەنگەکان ئەهێنێت ولایەنەکانی تریش یان هەرنین یان کەهەیشبون تائەوپـەڕی بێدەنگ وبیٚکاریگەری وچەپێنراون  . هەمو ئەوپرسیارانەی لەنەبونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك لەم ولاٚتەداکران , هەموئـەو وەلاٚمانەیش دەربارەی دۆخی یەك لیستی وبراوبەش کردنـی پێشـوەختی کورسـیەکانی پەرلـەمان خرایـە ڕو ڕاسـتیەکی گرنگ وتاڵی واقعی سیاسی کوردیان فەرامۆشـکرد کەئـەویش خـۆی لەنـەبونی هاودەرفـەتی « تکافوئالفرسـە »  نێـوان هێزەسیاسیەکانی ئـەم ولاتـەدا ئەبینێتـەوە , لەسـایەی ئـەم کێشەیەشـدا چاوەڕوانکردنی هەڵبـژاردنێکی دیموکراسـی تەندروسـت وەك ئەوەوایـە لەخەونـدا چـاوەڕوانی گۆدۆبێـت  . گەرئـەلف وبـیٚ سـەرەتاییەکانی دیموکراسـی بـونی هەرهەڵبژاردنێك کیٚ بەرکیٚ یئازادانەی نێوان چەند هێزێـك بێـت بۆبردنـەوەی دەنگـی دەنگـدەران , یـان فەزایـەکی گشتی ئازاد بێت لەدەرەوەی قۆرغ کاری هێزێکی دیـاری کـراوداو هـەمو هێزەکـان مـافی خـۆدەربڕینی ئازادانـەی تیـادا هەبێت ,یان دابینکردنی  یەکسانی مافی بەهرەمەند بون وکەڵك وەرگرتنیهەمو لایەنەکان بێت  لەبنکـەو ئامرازەکـانی کۆبونەوەی جەماوەری ودەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەمو ئەو دەرفەتانەی تریش کەدەشێت کۆمەڵگایـەك دابینـی بکـات , ئەوالەنـەبونی هاودەرفـەتی نێـوان هێـزە سیاسـیە کـانی کوردسـتاندا هـیچ کـام لـەم پـێش مەرجەسـەرەتاییانە ی هەڵبژاردنێکی تەندروسـت نابینرێـت , چـونکە هەرچـی سـەروەت وسـامانی کوردسـتان هەیـە لـەگیرفانی دووحیزبـی دەسلاٚتداردایە وخراوەتە گەڕلەپرۆسەی پروپاگەنـدەو دەنـگ کۆکردنـەوەدا , هـەمو دام ودەزگاکـانی حکومـەت وەك ئەرکی حزبیان بەکارئەهێنرێت تائەو شوێنەی دەم چەورکردنی خەڵك پێویست بێت بۆکڕینی دەنگ وهەندێك جـاریش بۆترساندن وچاوسورکردنەوەی جۆربەجۆر . ئەوەی ئەمڕۆدەکرێت هەڵبژاردنێك نیە کۆمەڵێك هێـزی سەربەخۆچانسـی خۆیانی تیاتاقی بکەنەوە بەڵکو هەرلەسەرەتاوە دووهێزی دەسلاٚتدار هـەمو بوارەکانیـان خسـتۆتە ژێرڕکێفـی خۆیانـەوەو هێزەکانی تریشیان مسۆگەرکردووەکە چەند بـیٚ کاریگەرئـەبن . تـەنهایاری کـیٚ بـەرکیٚ یڕاسـتەقینە پـارتی ویـەکێتی ئەیانتوانی بیکەن ئـەوەبو نـەیان کـرد چـونکە هـیچ لایـەکیان بـڕوای بـەوە نیـە گـەردوڕان قبوڵبکـات ئـیتر هێزەکـەی تربۆهەتاهەتایە نایخاتە پەراوێزەوەو وهەمو دەرفەتەکانی تریبەدەسلاٚت گەیشتنەوەی جارێکی تـری لیٚ زەوت ناکـات . ڕێك ئەو شێوازەی خۆیان بەرامبەر هێزەکانی تر مومارەسەی ئەکەن هەریەکەیان ترسی هەیە ئەوی تریان لەبەرامبـەری بیگرێتە بەر .لەم دۆخەی بەحیزبی کردنی ئەمڕۆدامەحاڵە هیچ کامیان بتـوانن دۆڕانـی هەڵبـژاردن قبـوڵ بکـەن  چـونکە هـەرحیزبێك لێـرە دەسـلاٚتی نـەبێت ئەکرێتـە دەرەوەی هـەمو ئەگـەرێکی سـەرکەوتنەوەبۆهەتاهەتایە مـادامهیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نیە سنوری ئەو گۆڕاناکریانە دیاری بکات کەدەکرێت لایەنی بـراوەی هەڵبـژاردن پێـی هەسـتێت لەدروستکردنی کابینەی نوێی حکومەتەکەیدا , .گەرخەیاڵی ئەوەبکەین پارتی یان یەکێتی براوەئـەبن وبەبیٚئـەوی تریـان حکومەت دروست ئەکەن ئەوابێگومان ئەوەندەی کـەجۆرج بـۆش لەهەرپەنجاولایەتەکـەی ئـەمریکا گۆڕانکـاری وەزیفـی کرد ئەمان لەناحیەیەکدا ئەیکەن , بۆیەتابەشێوەیەکی دەستوری ویاسایی ئەمکێشەی پاوانکاریـەی دووحیزبـە گەورەکـە

چارەسەر نەکرێت مەحاڵە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەشێوەی دیموکراسیەت وهەڵبژاردن لەم وڵاتەدا ببینین . ئەمڕۆلەکوردستاندا ئەوەی حیزبێکی گەورە لەحیزبێکی بچوک جیائەکاتەوە (( دیارە گەورەو بچوکی مەبەست لەقەوارەی جەماوەریە )) بڕی ئەو ئەندامانە نیە کەبڕوایان بەپرۆژەی سیاسی وئایدۆلۆژی ئەو حیزبە هێناوەو لایەنگیری ئەکەن , بەڵکوبڕی ئەو پارەیە کەڕۆژانە حیزبێک خەرجی ئەکات بۆمەبەستی کڕینی ڕەئی وهەڵوێستی خەڵك , بەجۆرێك زیادە ڕۆیی ناکەین بڵێین پارەو دەسکەوتی تایبەتی تەنها فاکتەری ڕاگرتنی خەڵکە لەنێو ئەم حیزبانەدا . لەدۆخێکی وایشدا چونە هەڵبژاردنەوە لەگەڵ لیستێك کەهەمو سامانیئابوری و سەرچاوەکانی هێزدروستکردنی ئەم وڵاتەی لەدەستدا بێت هەرلەسەرەتاوە گرەوێکی دۆڕاوە .لەڕاستیدا دڵخۆشکردنی هەندێك برادەربەبردنەوەی چەند کورسیەکیکەم لەم هەڵبژاردنەدا ئومێدێکی وەهمیە لەدۆخێکی پڕنائومێدیدا ,چونکە هەڵبژاردنەکە بۆپەرلەمانەو پێوەرەکانی ئامادەبونیش لەپەرلەماندا ئلمادەبونێکی بەهێزی پێویستە بەژمارەی قورسوگرانەوە نەك هەرئەوەی دەنگێکم هەبێت لەناو 112 دەنگدا .مەبەست ئەوەنیە تکۆڵیلەگرنگی هەمەڕەنگی دەنگەکانی ناو پەرلەمان بکەین بەڵکو بینینی بێکاری گەریەتی ئەو ڕەنگە جیاوازانەیە دەچنە پەرلەمانێکەوە کەزۆرینە بەرێکەوتن تیایدا کۆبونەتەوە .ئێمە ئەم هەڵبژاردنەش ئەکەین بێئەوەی هێشتاشوێنەوارەکانی شەڕی ناوخۆو دووکەرتکردنی ئیدارەیی هەرێم تەواو سڕرابێتەوە ,کەئەوبەرێزانەی لایەنگری یەك لیستی هیزەکان بوون ئەکەوتنە پاساوهێنانەوەبۆ وەزعەکە قسەیان لەبەرژەوەندیە باڵانیشتمانیەکان ئەکرد وباسی ئەوەیان ئەکرد یەکبون ویەك هەڵوێستی لەدیموکراسیەت گرنگترە لەئەمڕۆدا ,بڕواناکەم لەیەکجار زیاتر مرۆڤ بتوانێت بەئەم پاساوە لاوازە خۆی بخەڵەتێنێت . یەکبون ویەك هەڵوێستیەك لەسەرحسابی دیموکراسی نەبونوئاڵوگۆڕنەکردنیدەسەڵات بێت قابیلی ئەوەنیە دڵی پێخۆشکەیت .هیوادارم هەموساڵێك نەڵێین چش لەدیموکراسیەت بەس مەترسی شەڕی ناوخۆمان لێ دورخەنەوە , بەبێ چارەسەرکردنی کێشە بونیا دیەکانیگۆڕەپانی سیاسی کوردستانیش لەم کیشانەو ناخۆشتریش دوبارەئەبنەوە, هەرچاکسازیەکی سیاسیش بەپێویست دەبێت لەئازادیەسیاسیەکانەوە دەست پێبکات و خاڵی دەستپێکردنیشی دروستکردنی فەزایەکبێت کەهاودەرفەتی بۆهەمولایەنەکان دابین بکات .